هەڵسەنگاندن و ڕەخنە لە کتێبی کێشەیەک لە ڕێزمانی کوردی

نووسینی: عبدالستار کاظم
گۆڕینی: بیمار

> لە لاپەڕە (١٠٩)دا
> باسی بابەتێکی گرنگی ڕێزمانی کردووە زۆرکەم لە باسکەرانی خۆمان لێیان کۆڵیوەتەوە بۆیە جێگەی سوپاسە ، بەڵام وادیارە لەم بوارەدا هەندێ سەرەداوی لێ ئاڵۆز بووەو بەگەرمی وستوویەتی هەندێ شتی وا بچەسپێنێ کە لە زەوی‌ی زمانەوە دوورن . .

١ – دەیەوێ بیچەسپێنێ کە مۆرفیمی دووبارە کردنەوە دەچێتە سەر ئاوەڵناو ، ئەوەی لە یاد نەماوە کە دووبارەکردنەوە لە (کار) نەبێ لە هیچ جۆرێکی تر ڕوونادات . . چونکە هەر قەوماو دووبارە دەبێتەوە . بەڵام ئاوەڵناو چونکە قەوماو نی‌یە ئیتر ناکرێ دووبارەبوونەوەی تێدا بێت ، (ناو)یش هەر بەم جۆرە وایە . هەرچی ئەوەشە کە سەرنجی بوونی مۆرفیمی دووبارەبوونەوەی لە هەندێ حاڵەتی وا داوە کە لە « فعلییەتەوە» گوێزراونەتەوە بۆ « وەصفییەت » ئەمانە جۆرە حاڵەتێکی تایبەتین‌و پێشتر دەستم بۆ ڕاکێشان .

ئەوەی زانراوە ئاوەڵناو لە کوردیدا یان لە بنچینەوە چەسپاوە وەکو (زەرد ، سوور) یان نەچەسپاوە وەکو ناوی بکەر و مەفعوول ، ئەم ئاوەڵناوانەش کە چەسپاون بەو مانایە کە وەکو بەشێکی جیانەکراوەی وەسفکراوەکەن . کە دەڵێین پیاوی درێژ ، ووشەی درێژ سیفەتێکی چەسپاوە بە پیاوەکەوە .

هەرچی نەچەسپاوەکەشە ئەوا ئەو سیفەتەیە کە لەوانەیە نەمێنێ وەکو دەڵێین (منداڵی نوستوو) ، لێرەدا سیفەتی (نوستوو) لەوانەیە لە منداڵەکە بڕەوێتەوە .

ناوی بکەریش لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناوێکی نەچەسپاوە ناتوانرێ بکرێ بە چەسپاو ، کەچی ناوی کراو وانی‌یەو دەتوانرێ بگۆڕدرێ بە ئاوەڵناوی چەسپاو ئەمەش بە لکانی بزوێنی (ە) پێ‌یەوە ، ئەوسا ئاوەڵناوێکە لە ناوی کراو دەکات چونکە چەسپ بووە ،وەکو : خوێنراو ، سیفەتێکی نەچەسپاوە ، بەڵام (خوێنراوە) سیفەتێکی چەسپاوە (سیفەتێکی موشەبیەە بە ناوی کراوە) . لێرەشدا لەنگەری دەنگ (نەبر) دەتوانێ ئاوەڵناوی لە ناوی کراو چوو لە دارشتەی کاری ڕابردووی نزیکی مەبنی مەجهوول جیا بکاتەوە .

٢ مامۆستا لێ‌ی تێک‌چووە وای‌زانیوە ئەو (وە)یەی دوای شکا ، سوا . . . هتد (ل . ١١٠) هاتووە مورفیمێکە مانای دووبارەکردنەوە دەدات ، لەکاتێکدا ئەو واوەی بەو کارانەوە نووساوە نیشانەی ناوی کراو ناوی بکەرن . . هەرچی بزوێنە (ە)شە ئەویش نیشانەی سیفەی موشەبیەهەیەو بەشێک نی‌یە لەو مۆرفیمەی کە وایزانیوە بۆ دووبارەکردنەوەیە .

٣ – مامۆستا هەستی بە جیاوازیی نێوان سیفەتی لە ناوی بکەر چوو لەگەڵ ناوی بکەرو ناوی کراو کردووە ، ئەمەش شایانی سوپاسە ، بەڵام وابزانم نەیتوانیوە ڕاستی‌ی هەردوو دارشتەکە دەرببڕێت .

٤ ئەوەی زیاتر کارەکەی لە مومۆستا ئاڵۆز کردووە ، ڕوون نەبوونی ئاسۆی ڕشتەی کاری (شکا ،سووا . .هتد)ە جا بۆ ڕوون کردنەوەی ئەمە دەڵێم :

«کار» لە زمانی کوردیدا یان تێپەڕە یان تێنەپەڕ . .

أ – تێپەڕ ئەوەیە کە بکەرەکەی خاوەن ویستە یان لەگوێن دایە ببۆ ویست «ئیرادە» ئەگەرنا لە خۆیەوە نەی‌دەپەڕاندەوە سەر هی‌تر . .

ب – تێنەپەڕ : ئەمەش یان ئەوەیە کە بکەرەکەی خاوەن ئیرادەیە وەکو : هات ، چوو ، نووست ، خەوت . . هتد ، یاخۆ بێ ئیرادەیە ، هۆی سەر لێ‌تێک‌چوونی مامۆستاش لێرەدایە .

ئەم کارانە بکەرەکانیان نادیار دەبن‌و مەفعوول شوێنی بکەرەکانیانی گرتووەتەوە بەڵام بۆ ئەوە ناکەبنە بریکاری ئەوان هەروەکو لەو کارە تێپەڕانەدا ڕوودەدات کە دەبن بە (مەبنی مەجهوول) چونکە لەم جۆرە حاڵانەدا بکەر نادیار دەبێت یان لەبەر هەر هۆیەک بێت حەزناکرێت دەربکەوێت . .

بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو کارانە لە ئەنجامی هۆی نەزانراوەوە ڕوو دەدەن‌و ناتوانرێ بکەرەکانیان دیاری بکرێت ، هەروەکو کە دەڵێین « پیاڵەکە شکا » گەلێ پرسیارمان دێتە ڕوو ئایا کێ پیاڵەکەی شکاند و چۆن شکاو ئایا خۆی خۆی شکاند؟ وەڵامی ئەم پرسیارانەش هەر نازانمە . .

پیاڵە ئیرادەی ئەوەی نی‌یە کە خۆی بشکێنێ‌و ناشزانین کێ شکاندوویەتی‌و چۆن شکاوە .

بکەر لێرەدا مەفعوولیشەو زمان لەیەك کاتدا بەچاوی بکەرو مەفعول سەیریان دەکات . ئەم جۆرە کارانە کاتێك کە واویان پێوە دەنووسێ‌و دەبن بەوەکو (شکاو) ئەوسا ووشە تازەکە لە حوکمی ناوی بکەرو لە حوکمی ناوی کراودا دەبێت ، بەلاّم وەکو بۆمان دەردەکەوێ لە هەموو بارێکدا زمان بە چاوی ناوی کراو سەیری دەکات بۆیە لەتوانا دایە (سیفەی موشەبیهەهە)ی لێ دابرێژرێت ئەمەش بە زیادکردنی بزوێنی (ە) ئەوسا دەبێ بە (شکاوە)و دەگوترێ گەلاّی شکاوە ئەگەر مەبەست دیاریکردنی سیفەتی هەمیشەیی یان چەسپاوی ووشەی گەلاّ بێت بۆیە کورد دەڵێ : گەلاّی شکاوە و ناڵێت (گەلاّی شکاو) چونکە ئەگەر گەلاّ شکا ناتوانرێ چاك بکرێتەوە بەڵکو سیفەتی چەسپاوی وەردەگرێت بەپێچەوانەی (بەردی شکاو) چونکە بەرد دەتوانرێ سیفەتی شکاندنی لەسەر هەڵبگیردرێ یان لەسەری چەسپ بکرێت ئنجا ئەودەمە دەگوترێ (بەردی شکاوە) . . .

لەتوانا دایە ئەم کارانە ڕام بکرێن واتا بکرێن بە تێپەڕ ئەگەر (دن) بە دوای چاوگەکانیانەوە بلکێنین ، ئەوسا لە سیفەتی نائیرادەیی دەردەچن‌و سیفەتی ئیرادەیی تێپەڕاندنیان دەبێت .

٣ – نیشانەی کاری ڕابردووی نزیك لە ئاخاوتنی سلێمانیدا

لە لاپەرە ١١٦ – ١٢١ بەو ناونیشانەی سەرەوە دانەر بە ٨ خاڵ پوختەی ڕای خۆی دەربارەی ئەم بابەتە پیشان دەدات ، لە خاڵی یەکەمدا دەڵێ نیشانە بریتی‌یە لە فۆرمی (وە) و لە خاڵی دووەمدا دەڵێ لە هەندێ باردا نیشانەکە دەست بەرداری بزوێنی دوایی (ە) دەبێ ، جا بەرلەوەی بەناو بابەتەکە بکەوم بە پێویستی دەزانم کە بەرامبەر مانای هەندێ زاراوەی زمانەوانی ڕای خۆم ڕوون بکەمەوە نەکو لەوەی دەچەمەڕوو ئاڵۆزی هەست پێ بکرێت :

پێشگر :

وەکو بزانم بێژەیەکە سەربەخۆ مانایەکی نی‌یەو پێش ووشە دەکەوێت‌و ماناکەی دەگۆڕێت بەبێ ئەوەی دەستکاریی بناغەی ووشە بکات ، نموونەش وەکو : هەڵ ،دا ،ڕا لە ووشەگەلی هەڵکەوت ، داڕزا ، ڕاسپارد . .هتد .

پاشگر :

بێژەیەکە سەربەخۆ مانای نی‌یە ، بەدوای ووشەدا دێت و مانایەکی تازەی دەداتێ یان لە دارشتەیەکەوە دەیگۆڕێت بە دارشتەیەکی دی ، بەبێ ئەوەی بیناجازیی ووشەکە دەست لێ بدات .

وەکو (ین) لە زێڕین‌دا کە ناوێکی گۆڕی بەشێوە دارشتەیەکی دی .

ئامراز :

ئەمیش بێژەیەکە مانای دیارنابێت هەتا بە غەیری خۆیەوە نەگات و لە نێوان هەردوو لای نیسبەتدا نیسبەت دەنوێنێ ، ئیتر ئەگەر دوو لایەکەی نیسبەت پاڵدراوو پاڵ‌پێدراو (مسند و مسندالیه) بێت وەکو (لە هەولێرەوە هاتم بۆ بەغدا) ، یان دوو لایەکەی نیسبەت ئاوەڵناو (صفة)و وەسف کراو بێت وەکو (کچی جوان) یان هەردوولایەکەی نیسبەت (مضاف و مضاف إلیه) بێت وەکو «ماڵی ئازاد» .

نیشانە :

ئەو بێژەیەیە کە دەچێتە پێش یان پاشی ووشەو ماناو پەیکەری ناگۆڕێت‌و لە نێوان هەر دوولای نیسبەتدا نیسبەتێك پەیدانا کات ، چاکترین نموونەش نیشانەی ڕەفعی فاعلە لە زمانی عەرەبیدا کاتێ دەڵێین «جاء محمد» نیشانەی بۆر لەسەر ووشەی محمد دادەنێین بەلاّم ئەگەر لەسەر ووشەکەی محمد وەستاین توانیمان نیشانەکە لابەرین و بڵێین «جاء محمد» ئەم کارەمان نەماناو نەپەیکەری ووشەکە ناگۆڕێت و نیشانەکەش هەچ نیسبەتێکی لە نێوان هەردوولای نیسبەتەکەدا دروست نەکرد .

لە کوردیدا ژمارەیەك لەو جۆرە نیشانانەمان هەیە کەوا باسی هەندێکیان دەکەین :

١ – ئەو بزوێنەی لە شێوە زمانی ئەدەبی‌ی نوێداو لە شێوە زمانی سۆرانیشدا کە بە کاری فەرمانەوە دەنرێ و دەگوترێ :

دانیشە ، هەڵسە ، لەتوانادایە بزوێنەکە لا ببرێت هەروەکو لە شێوە زمانی لوڕی‌دا دەگوترێ : دانیش ، هەڵس .

٢ – ئەو (دا)یەی بەو ناوانەوە دەندرێ کە ئامرازی (جر) یان پێش دەکەوێ وەکو : لە ماڵدام . . پیاو دەتوانێ لای بەرێت وەکو لە هەولێردا دەگوترێ لە ماڵم یان نیشانەکە کورت بکاتەوە بڵێ «لەماڵام» بەبێ ئەوەی زیان بە ماناو پەیکەری ووشەکە بکەوێت .

٣ – (وە) کە بە ناوی (مەجرور)ەوە دەنووسێت وەکو دەڵێین :
لە ماڵەوەم . . لەخۆمەوە هاتم .

تێبینی :

ئەو بزوێنەی دەکەوێتە پێش (وە) ئامرازێکی دابڕی نێوان دوو دەنگی میمو واوە .

٤ – (را) لە شێوەزمانی کرمانجی ژووروودا کە شوێن (دا) دەگرێتەوە وەکو دەڵێی لە ماڵرا .

ئێستا دێینەوە سەر باسەکەی خۆمان و دەپرسم ئایا ئەو مۆرفیمەی کە بە (کار)ەوە دەنووسێت تا بیکا بە حاڵەتی رابردووی نزیك نیشانەیە یان پاشگرە بەپێی ئەو پێشدەستی‌یەی پیشانمدا ؟ ئایا (ەوە)یە یان (وە)یە یان تەنیا (و)ە ؟

بەڵام کە دەڵێ نیشانەیەو مەرجی نیشانەش ئەوەیە کە ئەگەر لابیەرێت زیان بە مانای ووشەکە نەگەیەنێت کەچی لێرەدا وا دەرناچێت چونکە ئەگەر لابیەرێت حاڵەتی کارەکە دەگۆرێت .

هەروەها ئامرازیش نی‌یە چونکە نیسبەتێك لە نێوان دوو نیسبەت پێك ناهێنێت لەمەوە تێدەگەین کە بە راستی پاشگر نی‌یە .

بەڵام کە دەڵێ نیشانەکە (راستتر ئەوەیە بڵێ پاشگرەکە) (وە)یە پشتگیری ناکەم چونکە هەروەکو خوی دانی پێدا ناوە بزوێنە دوایی‌یەکە هەندێ جار دەتوانرێ لابرێت ، ئیتر مادام لەتوانا دابێ بزوێن لابیەرێت و کار لە ماناش نەکات هەروەکو لەو قسەیەی ئەو دەفامرێتەوە کە دەڵێ (هەندێ جار لا دەبرێت) ، لەبەر ئەوەش دانی پێدا ناوە کە بزوێنی یەکەم لە پەیکەری ئەو نی‌یە کەوابێت تەنیا (و) دەمێنێتەوە ، کە هەر ئەویش بەراستی ئەو پاشگرەیە کە کار دەباتە قۆناغی یەکەم لە قۆناغەکانی حاڵەتی رابردووی نزیك ، بۆیەش دەڵێم : قۆناغی یەکەم چونکە کار لە حاڵەتی رابردووەوە دەگوێزێتەوە حاڵەتی ناوی بکەر ئەگەر (و)ی بۆ زیادکرا ناگوێزێتەوە حاڵەتی رابردووی نزیك هەتا پاشگرێکی دیکەی نەیەتە سەر کە ئەویش بزوێنی (ە)یە و بەڵگەی کاری بوونە (فعل الوجود) .

قۆناغەکانیش بەزنجیرە وەهان :

(کار + ئامرازی نێوبڕ + پاشگری (و) + (ە) بزوێن – کاری‌بوون) = حاڵەتی رابردووی نزیك .

هات + بۆر یان زێرێکی کورت بەپێی شێوەکانی زمان + و)ی پاشگر کە کار دەگۆرێ بە ناوی بکەر + کاری بوون هاتووە = Hatuwe یان Hatiwe بەپێی ئاخاوتن ! . .

بەڵام کە دەڵێ جاروبار بزوێنی دوایی لادەبرێت بە هەڵەی دەزانم ، چونکە بزوێنی دواییش وەکو گوتم پاشگرە و ئەگەر لابرێت مانا دەگۆرێتو حاڵەتەکەی دەچێتەوە سەر حاڵەتی ناوی بکەر ئەگەر کارەکە مەبنی مەعلوم بێت ، یان ناوی مەفعوول ئەگەر کارەکە مەبنی مەجهوول بیت یان کارێکی تێنەپەری خۆنەویست بێت ، لەمانەوە تێدەگەین کە ئەو پاشگرە بنچینەیی‌یەی کار بە کاری رابردووی دوور دەگۆرێ لە چاو دیالێکتی سلێمانی‌و دیالێکتی نوێی ئەدەبی بەدوو قۆناغدا تێدەپەرێ ، بەڵام لە ئەردەلانی‌و لوری و دیالێکتەکانی تردا ئەوانەی کە پاشگری (و) بۆ دارشتنی ناوی بکەر یان مەفعوول بەکار ناهێنن ئەوانیش بە هەمان دوو قۆناغەکەدا تێدەپەرێ :

کار + دابڕ(نێوبڕ)+پاشگری‌گ + (ە)ی‌کاری هەبوون ،

بەنموونە : :

هات + زێرێکی‌کورت + گ +ە = هاتگە

Hatige

هات + زێرێکی‌کورت +ی +ە = هاتیە

Hatiye

ئەو لە خاڵی سی‌یەمی پوختەی بۆچوونەکانیدا دەڵێ (لەگەڵ تێپەرداو بەبێ راناوی بەرکار دەپسێتەوەو راناوەکە نێو خۆی دەگرێ .)

واتا لەگەڵ کاری تێپەردا ئەگەر مەفعوول دیار نەبێت ئەوا (و) و (ە) لێك جیادەبنەوەو بەرناڤی بکەر دەکەوێتە نێوانیان وەکو (خواردوومە) .

ئەم سەرنجە زۆر راستەو ئەوە ساغ دەکاتەوە کە (و)ەکە پەیوەندی بە (ە)ی بزوێنەوە نی‌یە ، بەڵکو هەریەکەم دەوری خۆی دەگێرێت ، ئەمەش لە دیالێکتەکانی تردا لادەبرێت ، دەگوترێت : خواردگمە ، خواردیتە .

لە سنووری تێپەریشدا ناوەستێ ، بەڵکو لە تێنەپەریشدا هەر هەیەو دەڵێن :

هاتگمە ، هاتیتە .

لە خاڵی چوارەمدا دەڵێ : (لەگەڵ ئەو کارەدا کە کۆتایی بە

(وو)ی درێژە ، کورتی هەڵ دەهێنێتەوە وەك (بووە) . ئەمەش پێویستی بە درێژە پێدان نی‌یە و بای خۆی بە چاکی باسم کرد ، کە پوختەکەی ئەوەیە کە ئەو دەنگەی لامان وایە واوی درێژە لە بنەڕەتدا دەنگێکە لە بۆرێکی کورت و واوێکی کۆنسەنەنت پێك دێت ئەگەر دەنگێکی کۆنسەنەنتی لە پێشەوە بوو . بەڵام ئەگەر لە سەرەتای برگە یان ووشەوە بوو ئەوا لە واوێکی کۆنسەنەنت و بۆرێکی کورت پێك‌دێت . .(ی)ی درێژیش هەروەکو ئەو وایە . .

خاڵی پێنجەمیش لە مەبەستی خاڵی چوارەم تێناپەڕێ ، لە خاڵی شەشەمیدا وای دەردەبڕێ کە لەگەڵ ئەو کەسانە نی‌یە کە ناوی دەنێن پاشگر (واتا بە نیشانەی دادەنێ) کە ئەمەشم لەمەوبەر روون کردەوە .

خاڵەکانی تریش هەر لەم دەورو بەرانەی سەرەوەدا دەخولینەوە ، تەنیا یەك شت ماوە کە هەندێك کەس ئەو (ە)یەی بە کاری رابردووی نزیکەوە (لە کاری تێپەڕدا) دەنووسێت بە مەفعوولی دادەنێن ، ئەمەش بە هەڵە چوونەو قسەیەکی بێ پشت‌وپەنایە ، من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی کاك ئالانی . .

نیشانەی رابردووی نزیك لەگەڵ ئامرازی «ە»ی پەیوەندیدا :

بەم ناونیشانە ، دانەر بە درێژی لە ژمارەیەك نموونەی کۆڵیوەتەوە و پوختەی بۆ چوونەکانی ئەوەیە کەوا (ە) بزوێن لە رستەی (گەیشتنەجێ)دا حەرفی جەرە نەکو ئامرازی (تعلق)ە بەمانای (ئە) .من نە دژی ئەم قسەیەمو نە دژی ئەو رایەی ئەویشم کە دەڵێ (ێ)ی کۆتایی رستەی (پارەکەی داونەتێ) لەوانەیە کورت کراوەی حەرفی جەری (پێ)بێت ، بەڵام ئەوەی لەگەڵیدا نیم ئەوە کە (ت)ی رستەی « رۆیشتومەتە ماڵ» نێو بری پاراستنە بەتەنیا بەڵکو ئەرکێکی تریشی لەسەر شانە ، ئەمەش لە ئەنجامی بەراوورد کردنیدا لەگەڵ رستەی «چیمەسەماڵ»دا دەردەکەوێت . .

– هەردوو رستەش یەك مانایان هەیە – لێرەشدا ئەم سینە ئامرازی پاراستن نی‌یە بەڵکو کورت کراوەی کاری هەبوونی (هەس)ە .

هەر بەم جۆرە بە پێویستی دەزانم کە باسی کاری هەبوون بکەم تا وێنەکە روونا کتر بێت و بەئاسانی ئەو دەنگە بزوێنانەی تایبەتن بە پاراستن لەوانە جیا بکەینەوە کە تایبەتن بە کاری هەبوون ، هەروەکو نووسەرانیش کردوویانە بە خووکاری بوون (کینونە) بە کاری هەبوون (وجود) تێکەڵ دەکەن و لێکتریان جیانەکەنەوەو بە یەك دارشتەیان دابنێن بۆیە دەڵێم :

کاری بوون ، کە لە ووشەی بوونی سۆرانی‌و بین Biyin ی لوڕی – فەیلی – ئەردەڵانی‌یەوە هاتووە کارێکی تێنەپەڕی خۆویستە هەروەکو هەموو کارە تێنەپەڕە خۆویستەکانو بێ جیاوازی لە هەموو دیالێکتەکاندا گەردان دەکات ، ئەوەتا کاری رابردوو و رابردووی نزیك و دوور و رانەبردوو و فەرمانو ئیلزامی‌و . . . هی‌تری لێ دادەرێژرێت ، هەروەها بەیاریدەی ئەو دەیان کاری ئاوێتە دادەرێژرێن . .

ئەم کارە کاری تەواوە کە دەڵێین « ئەم ئیشە بوو » یان ناتەواوە وپێویستی بە (خەبەر) هەیە وەکو : دارا بوو بەپیاو .

بەڵام وا سەرنج دەدرێ کە لێکۆڵەرەوەو زمانەوانان ئەو بزوێنەی کە لە دوای رستەوە دێت کە موسنەدەکەی ناو یان ئاوەڵکار یان ئاوەڵناویان شتی تر بێت‌و کارێکی راستو رەوان (صریح) نەبێت بە کاری (بوون)یان داناوە ، ناشزانم بەڵگەی ئەو رایەیان چی‌یە ؟

خۆ ئەگەر لە دیالێکتە جۆراوجۆرەکاندا چاوێك بەو بزوێنەدا بخشێنین دەبینین کاری بوون نی‌یە بەڵکو رەگ یان کورت کراوەی کاری هەبوونە ، ئەم کاری هەبوونەش چەند رێبازێك دەگرێتە بەر و بەپێی گۆڕانی دیالێکتەکان شێوەی دەگۆڕێ ، ئەم جیاوازی‌یەشە بووەتە هۆیەکی زۆر بوونی شێوەکانی ئاخاوتن‌و دیالێکتی زمانی کوردیمان ، بۆ روون کردنەوەی ئەمەش تکا لە خوێنەر دەکەم چاوێك بەم خشتانەدا بگێڕێت‌و پاشان خۆی بڕیاری لەمەست بەیان‌بکات :

وێنەیەکەم : خشتەی ژمارە (١) :

	(١)	(٢)	(٣)	(٤)	(٥)
من–	هام‌لەماڵ –	هامەماڵ =	لەماڵهەم –	لەناڵم =	لەناڵم
تۆ –	هایت‌لەماڵ –	هایتەماڵ =	لەماڵ‌هەیت =	لەماڵەیت –	لەماڵیت
ئەو –	هالەماڵ =	هاماڵ –		لەماڵە =	
ئێمە	هایم‌لەماڵ =	هایمەماڵ =	لەماڵ‌هایم =		لەماڵیم
ئێوە–	هاین‌لەماڵ –	هاینەماڵ =	لەماڵ‌هاین =		لەماڵین
ئەوان –	هان‌لەماڵ=	هانەماڵ –	لەماڵ‌هەمن	=لەماڵەن =	لەماڵن

لەم خشتەیەی رابورد دەردەکەویٚ کە ئەم کارە پێنج ڕیژەی هەیە ، زوربەیان بەکاردەهێنرێن چ لەو شێوە زمانە دابێت و چ لەوی تر و هەمووشیان یەك مانایان هەیە کە (هەبونە – وجود) لە زەمانی ئێستادا .

تێبینی :

ڕاناوی لکاوی (م ،یت =ی ، – ،یم –یمن ، ین ،ن) ڕاناوی فاعلییەتن لە دیالێکتی فەیلیو هەندیٚ دیالیکتی لوری . . . هەرچی ڕاناوی مەفعوولیەتە ئەمانەن (م ، مان ، ت ، تان ،ی ،یان)و ئەم ڕاناوانەش لەو دیالێکتانەدا لە مەوقیعی فاعلییەتدا نایەت بە پێچەوانەی سۆرانی ، جۆری یەکەم ڕاناوێکن تایبەت بە کاری تیٚنەپەڕ و جۆری دووەمیش تایبەتین بە کاری تیٚپەڕ و لە حاڵەتی مەفعوولییەتو مەجروورییەتدا بەکار دەهێنرێت . کە لەوێدا ئەمە نی یە . جگە لەمەش لەنێوان ڕاناوی فاعلییەتی جۆری یەکەم لەگەڵ هاوتاکانیان لە سۆرانیدا جیاوازی هەیە ، ئەوەی لە سۆرانی بزانێت لیٚی بیٚ ئاگا نی یە .

وێنەی دووەم –خشتەی ژمارە (٢) :

فەیلی	لوری	عەرەبی
من – هەسەم	هیسم	اناموجود
تو – هەسەت	هیست	انت موجود
ئەو – هەسەی	هیسش	هوموجود
ئێمە – هەسەمان	هیسمان –(هیسمو)	نحن‌موجودون
ئیوە – هەسەتان	هیستان -(هیستو)	انتم موجودون
ئەوان – هەسەیان	هیسشان – (هیشو)	هم موجودون

تێبینی(١)

کار یان ڕاستتر «چاووگ» لەم وێنەیەدا دەدرێتە پاڵ ڕاناوی لکاوی بۆ مەفعوولییەت یان ڕاستتر بۆ ئیزافە هەربەم جۆرش ناو یان ڕاناو ئەم گەردانە دەبینن وەکو :

خۆم ،خۆمان ،خۆت ،خوتان ،خۆی ،خۆیان من وای بۆ دەچم کە ئەمە چاووگە و چاووگیش لە زمانی کوردیدا – بەتایبەتی لەم شێوانەدا – سەودای ناوی لەگەڵ دەکرێت .

تێبینی(٢) :

لە شێوە زمانی لوریدا لە کاتی درانەپاڵ ڕاناواندا لە نێوان ڕاناوی فاعلییەت و مەفعوولییەتو لە نێوان کاری تێپەڕو تیٚنەپەڕدا جیاوازی ناکرێت .

تێبینی (٣) :

لە لوریدا نونی پاش ئەلیف لادەبریٚ بەلاٚم کە دەنگێکی بزوێنی نویٚ بە ووشەکەوە نوسا بۆی دەگەڕێتەوە ، وەکو :

بیاسی ماڵمو = وەرە بۆ ماڵمان .

ینە ماڵمونە = ئەمە ماڵمانە

دەبا سەیرکەین لە قسەکردندا ئەم دوو وێنەیە چۆن دەبن :

أ – هاتم = هاتمە = هاتمەس = هاتمەسەو = هاتمەسەوە (کاری تیٚنەپەڕ)

هاتومە = هاتومەتەو = هاتومەتەوە (سۆرانی)

ب – هات = هاتیە . هاتگە ، هاتیەس ، هاتگەس = هاتیەسەو . هاتگەسەو = هاتیەسەوە .هاتگەسەوە . .

=هاتووە . =هاتووتەو = هاتووتەوە (سۆرانی)

هاتیە = هاتیتەوە (شێوەیەکی تری سۆرانی) .

ج – خواردم = خواردمە = خواردمەس = خواردمەسەو = خواردمەسەوە

خواردمەی = خواردمەسەی = خواردمەسەوەی=

=خواردگمە = خواردگمەس = خواردگمەسەو =

خواردگمەسەوە = خواردگمەسەی =

خواردگەسەوەی .

=خواردمە=خواردمەس = خواردمەسی .

چەند سەرنجێك :

١ - ئەگەر (س) بۆ پاراستن بوایە لە دواوەی ووشە نەدەهات وەکو لە خواردمەس و هاتمە

٢ – ئەو (س)ەی دراوەتە پاڵ کاری تیٚپەڕ لەم شێوەیەدا مەفعوولە بەلاٚم لە کاری تیٚنەپەڕدا فاعیلە و جاروبار دەبیٚ بە «گ» .

٣ – (ی) هەندیٚ جار و (ت)یش هەندیٚ جاری تر شوێنی (س) دەگرێتەوە کە وا کاری هەبوونە یان چاووگی هەبوونە ، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ ئەوە کە ئەم (ت) و (ی)یە لە

بەرەتدا كارى هەبوونن يان رەگى ئەو كارانەن يان رەگى
چاووگەكانيانن . پێشكەوتنى زمانو جياوازيى ئاخاوتن بەم
شێوەيەى گێراونو تەنها بۆ پاراستن نين . .

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بابەتە ئاڵۆزەو پێويستى بە لێكۆڵينەوەو بە
بە دوادا چوونێكى زۆر تر هەيە و ئەوەى پێشانيشم دا تەنيا ئاور
دانەوەيەكى سەرپێيى يە و هيوادارم زمانەوانان بايەخى پێ
بدەن .

وا چاكيشە بڵێم ئەگەر لە شێوەزمانەكانى تريشدا
پشكنينەوەيەك بكەين . لەوانەيە وێنەى ترى كارى هەبوون
بدۆزينەوە . وەكو ئەمە بڵێى :

هەى . هى . هێ . هەتى . هەيى . .هتد .

لە بەشى چوارەمى كتێبەكەدا لاپەرە ١٢٥ – ١٢٨ باسى
بابەتى بەيەك گەيشتنى نيشانەى كارى رابردووى نزيك (راستتر
ئەوەيە بڵێ پاشگر» لەگەڵ ئەو پاشگرەى كە ماناى دووبارە
كردنەوە دەدا لە يەك رشتەدا .

بەراستى ، زۆر بەچاكى ئەم بابەتەى بە ئەنجامداوەو چەند
دەرەنجامێكى بەدەستەوە داوە كە سەبارەت بە چەند لايەنێكەوە
نەبێ لاريم لێيان نىيە وەكو ئەمەى كە پێشتر لێى دواين و
لايەنى گونجانو نەگونجانى دەنگەكان لە ناو خۆياندا ولايەنى
تايبەت بەلوڕىو گەردانى كات لە لوڕيدا بەتايبەتى دەربارەى
ئەو (ت) يەى كە بە ئامرازى پاراستنى دادەنێ .

بەڵام لەبەشى پێنجەمدا (١٢٨ – ١٣٢)كە بۆ مۆرفيمى
(ەوە) و ئامرازى پەيوەندى تەرخان كردووە ، دووبارەى
دەكەمەوە كە نيشانەكە (وە)يەو (ەوە)نىيە لەوانەشە لە دوو
نيشانە پێك‌هاتبێت كە (و+ە)ن كە هەردووكيان نيشانەى جەرن
هەروەكو لە شوێنێكى تردا ئەمەم روون كردەوە ، بۆيەش دەڵێم
دوو نيشانەن چونكە بزوێنەكەى دواوە لە تواناى‌دا لە ناو بچێت و
بە (و)ەكە بەتەنيا ئيكتيفا بكرێت هەروەكو دەڵێين : (لەماڵەو
بووم) لەجياتى ئەوە بڵێين (لەماڵەوە بووم) من واى بۆ دەچم ئەم
بزوێنە بۆ دووپات كردنەوە (تەئكيد)ە ونيشانەى راستەقينەش
(و)ە بەتەنياو ئەو بزوێنەشى پێشىكەوتووە ئامرازى پاراستنە .

بەڵام كە گوتراوە (وە) لە جياتى هەندێ پرپۆزيشن
دەردەكەوێت بەتايبەتى (بە ،لە)چونكە ئەم ئامرازەنە لە نزيك و
نە لە دوور پەيوەنديى بە مۆرفيمى (ەوە) نىيە ، جا ئەگەر ئەم
مۆرفيمە تايبەتى بێت بە دووبارەكردنەوە يان بە رابردووى نزيك
و هى‌تر (لەمەوبەريش ئامرازمان ناساندو پێويستى بە دووبارە
كردنەوە نىيە .) بەڵ‌ـ گى يەكەمى ئەم ئامرازە شێوەيەكى
دەنگى (ب)يە نەك دە ى (ل) ، چونكە كوردى لوڕ (لە) بە
(وە) ناگۆڕنەوە ، بەڵكو (بە)بە (وە) دەگۆڕنەوە ئەمەش لە
گۆڕينى زۆربەى دەنگەكانى (ب) بۆ فۆنيمى (و) روو دەدا
وەكو :

باران = واران ، بەرخ = وەرك
بەرەن = وەرەن . . .هتد

بەڵام كە دەڵێ (وە شار كەركوك هاتگە سە دنيا) لام وايێ
ئەم واتەيەى بە هەڵە ژنەفتووە چونكە راستەكەى ئەوەيە بڵێ :
(لە شار كەركوك هاتگەسە دنيا) .

هەر بەم جۆرەش لە رستەى (وەماڵيەوە . .) ئەم (وە)يە
بەرامبەرى (بە) يە نەوەك (لە) وەكو ئەو بەهەڵە بۆى چووە . لە
رستەى (كەفتم وە زيللەت)يشدا (وە) بريتىيە لە (بە)و بەرامبەر
بە (ب)ى حەرفى جەرى عەرەبىيە .

لەرستەى (حوسەين وە عەلى)دا (وە) ئامرازى پەيوەستىيە
بە ماناى (لەگەڵ)نايە هەتا ئەگەر كارێك پێشى نەكەوێ وەكو :
هات وە گەڵمان ، بيا وەگەل ئازاد .

سەربارى ئەمانەش دەڵێم (وە)بەمانا (بە)ش دێ لە سوێند
خواردندا : بەخودا = وەخودا . .

دەربارەى پاشكۆكەشى لەگەڵ مۆرفيمى دووبارەدا (ل ١٣٠
بەولاوە) ئەگەر ئاورێكى لە مەسەلەى گونجان و نەگونجانى
دەنگەكانى بدابايەوە كارێكى تەواو پوختى پێش‌كەش دەكرد .

چوارەم

بنەى دووەم : لە دەستەى شێوەكانى
موكرىو سۆرانيدا ل ١٣٣ – ١٥٠

ئەو بەشە بە هەر سێ پارچەكانىيەوە ج قسەيەكم نىيە
دەربارەى ، بەو پێيە هەرچى هەبێ لەو چوارچێوەيە
دەرناچێت كە لەمەوپێش باسمان كرد ، بەڵام پێويستە بۆ هەق
بڵێين ماموستاى ئالانى رەنجى داوەو ووردبوەتەوەو
لێكۆڵينەوەيەكى باشى كردووەو كۆمەڵە بەڵگەو نموونەيەكى باشى
خستوەتە بەردەمى لێكۆڵەرەوان كەگشتيان شايەدى بۆ يەكيەتيى
زمانەكەمان دەدەن سەرە راى زۆريى شێوەكانى . ئەم كارەش
بۆى هەيە ياريدەى نووسەرانو لێكۆڵەرەوان بدات بۆ گەيشتنە
ئەنجامى نوێ و بەكەڵك .

پێنجەم : بنەی سێیەم : لەدەستەی شێوەی ئەردەڵانیدا

بەر لەوەی بچینە ناو باسەکەوە دەمەوێ بڵێم کە ووشەی (نەوو)ی دێڕی سێیەمی شیعرەکەی مەردوخ (نەو)ە ئەگەرنا لەگەڵ قافیەی (خەو) رێك ناکەوێت .

هەر چەنم کۆشا کەس خەوەرەو نەو

لە تەنیائیا منیچ چوومە خەو

بۆچوونەکەی مامۆستا (مەردوخ) راستە دەربارەی پاشگری تایبەت بە دووبارەکردنەوە کاتێك کە بە کارو چاووکەوە دەلکێت وەکو کە لە ئەردەلانیدا دەگوترێ :

هاتەوە ، هاتەو

هەروەها دەش‌گوترێ :

هاتنەوە ، بردنەوە . .

بەلام ئەوەی کە دەبێ تێبینی بکرێت ئەوەیە کە دوو رێژەکەی یەکەم تایبەتە بە کاری تێنەپەری خۆویست ، بەلام لە حالەتی چاووگدا دەگوترێ :

(هاتنەوە)واتا :

چاوگ +ە+وە

ئەمەش بۆ ئەوەی (نوونی چاووگ) لەگەڵ نوونی بکەر (راناوی بزری کۆ) تێکەڵ نەکرێت هەر ئەم حالەتەش بەسەر کاری تێپەرو چاووگەکەیدا جووت دەبێت وەکو دەڵێی :

بردەوە ، بردنەوە

بەلام ئەگەر کارەکە تێپەربوو - نەك چاووگ - ناگوترێ (بردەو) بە مەبەستی دووبارە و دووپات کردنەوە ، چونکە ئەو حالەتانە تەعبیر لە مانایەکی نوێ دەکەن کە کارەکە لە ئەنجامی پاشگری (ە+و)دا دەستگیری دەکات ،چونکە کە دەڵێین (کردەو) لەبنەرەتدا بریتی‌بووە لە (واکرد = ئەوکرد =کردەو) هەروەها : (خستەو = واخست = ئەوخست = خستەو)

ئەوەی سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە کە هەر سێ جۆرەکە لە هەندێ لقە لەهجەدا بە هەمان مانا بەکاردەهێنرێن . جا ئەگەر مەبەستیان دەربرینی دووبارەکردنەوە بێت دەڵێن : (کردووەوە ، خستەوە) ئەمەش کەم بەکار دەهێنرێت و ئەوەی زۆرتر باوە ئەوەیە کە دەڵێن :

لە نوکردەو (واتا جارێکی تر کردییەوە) = دوبارە - دو وارە کردەو . . .هتد .

بەلام لە حالەتێ کاری لێکدراودا سێ رێژە هەیە و تەنیا یەکێکیان بۆ دووبارە کردنەوەیەو دووانەکەی تر بۆ دووبارە کردنەوە نی‌یە بەڵکو کارێك دەگەیەنێت کە دەخوازرێت لە لەهجەکانی تردا تەعبیری لێ‌بکرێت :

١ - پڕکردن :

٢ - پڕمەوکرد = پڕیەوکردم = (پڕم‌کرد)

٣ - (پڕی کردمەوە = جارێکی‌تر پڕم‌کردەوە ، بۆ پڕی کردمەو = دووبارەکردنەوە

لە رێژەی یەکەمدا بەرکار ئاشکرا نی‌یە بەڵکوبزرە ، بەلام لە رێژەی دووەمدا بەرکار بە کەرتی یەکەمی کاری لیکدراوەوە نووساوە . هەروەها لە هەردوو حالەتی رێژەی سێیەمیشدا .

ئەگەر بپرسن ئەدی ئەم (واو)ەو پیتە کۆنسەنەنتەی پێشەوەی کە لە رێژەی یەکەم و دووەمدا بە بەرکارەوە نووساوە چی‌یە ؟ لە وەلامدا دەڵێم ئەمە پریپۆزیشنە ، چونکە لەو لەهجانەو لەهجەگەلی لوری و فەیلی و لقەکانیاندا کاری لێکدراو بە (واسیتە)یەك دەبێ بەتێپەر ، دەگوترێ :

دای بە کوشت = دای‌وە کوشت   جعله قتیلا)

دای ئەو کوشت = دایەو کوشت)(جعله قتیلا)

لێرەدا سەرنج دەدەین پریپۆزیشن لە (بە)وە گۆڕا بە (وە)پاشان لە (وە) وە بوو بە (ئەو) ئنجا قولەکرایەوە و بوو بە (ەو) ، ئەوەی شایانی باسە هەموو ئەم جۆرە رێژانە بەکاردێن بەلام لە لقە لەهجەکاندا و هەر یەکە بەجۆرێك . بۆیە کە دەڵێین :

پڕی کردەو = پڕیەوکرد = پڕی ئەوکرد =کردەی (وەپڕ) = (ئەوپڕ) - جعله مملوء - لەم بابەتەوە نموونە زۆرە ، هەروەکو :

هاتەوری = هات وەری = هات‌ئەو ری = وەری‌هات = هات بەری = بەری هات (بەمانا خضع وانسجم) .

وەکو گوتم دووبارەکردنەوە بە پاشگری (و) ناکرێت بەڵکو بە بەکارهێنانی بێژەی‌تر دەکرێت کە دووبارە کردنەوە بگەیەنن ، نموونەش بۆ ئەمە ئەم تاکە دێڕە شیعرەیە کە مامۆستا هێناوێتی :

کەس خەوەرەو نەو

کەوا (ەو) لێرەدا بۆ دووبارەکردنەوە نی‌یە بەڵکو پریپۆزیشنە چونکە کە دەڵێین (کەس‌وە خەوەر نەو) مەبەستمان (کەس بەخەبەر نەبوو)ە . جا (ەو)ی ئێرە هلگەراوەی (وە)یە دوای ئەوەی بووە بە (ئەو) بۆیە دەتوانین بڵێین (کەس ئەو خەوەر نەو)

بەبێ ئەوەی ماناش تێك بچێت و بۆ کورت کردنەوەش دەگوترێت :

(کەسەو خەوەر نەو) یانێ (کەس خەوەرەو نەو) هەمووشیان یەك مانان ، خۆ ئەگەر شاعیر مەبەستی دووبارە کردنەوە بووایە دەبووبڵێ : (کەس خەوەرەو نەویەو) = کەس بەخەبەر نەبوەوە .

تێبینی‌یەکی بچووکیشم هەیە دەمەوێ لەم لاپەڕەیەدا لە دەستم نەچێت و بیڵێم ، مامۆستای ئالانی لە ل ١٥٧ دا نووسیویە ووشەی (لێڵە) مانای (لێلاو) دەدات ، ڕاستی‌یەکەی وانی‌یە بەڵکو لێلاو مانای شێلوو و مەیلەوتاریك دەگەیەنێت کەچی (لێڵە)مانای پرشەو بریقەو درەوشانەوە دەگەیەنێت .

× × ×

شەشەم :

بەشی چوارەم هەڵدەبوێرم چونکە هیچ تێبینی‌یەکم دەربارەی نی‌یە و دێمە سەر بەشی پێنجەم :

١ – ئەو (ەن)ەی کە لە لەهجەی هەورامی بە پاشەوەی کاری رابردووەوە دەلکێ کەوا لە ١٧٣ وە لە پەراوێزی ژمارە (٨٧) دا باس کراوە رابیتەی رستە ناو نی‌یە ، چونکە هەندێ رستە لە بنەڕەتدا خۆ رستەناو نین هەتا پێویستیان بە (رابیتە) هەبێ ، من لەو باوەڕەدام ئەمە کاری یاریدەرە ، کاری بوون (وجود)ی زەمانی (ئێستا) کە بنچینەکەی بریتی‌یە لە هەن) ، ئەم کارە شێوەی جۆراو جۆری تری لە لەهجەکاندا هەیە وەکو :

هەن ،هەس ، هەیە ،ها .

لەوانەشە ئەگەر لێی بکۆڵینەوە زۆر شێوەی تریشی بدۆزینەوە وەکو ئەمانە :

ئاوەردهەن ، کەردهەن ، فولادهەن ، شادهەن ، ئاوەردەن ، کەردەن ، فولادەن ، شادەن . . .

٢ – لە وەلامی ئەو پرسیارەی کە لە لاپەرە ١٧٥دا دەربارەی (گە)و(ەن) کردوویەتی ، ئەگەرچی پێشتر باسی (گە) مانکرد بەڵام جێی خۆیتی کە بڵێم :

(گ) پاشگرە لەو لەهجانەدا ئەگەر هاتە سەر کاری رابردوو دەیکا بە ناوی بکەریان ناوی بەرکار ئەگەر کارەکە (مبنی مجهول) بوو :

هاتگ ، خورياگ .

بەڵام ئەگەر پاشگری (٥) کەواکاری بوونە لەکاتی ئێستادا هاتە سەر ناوی بکەر یان ناوی بەرکار کە بەم شێوەیە داڕژرابێت دەیگەڕێنێتەوە حاڵەتی کاری رابردووی نزیك .

زۆر کەس خەیاڵ هەڵی‌دەکرێو بە ڕاناوی نادیار (کەسی سێیەم) ی دادەنێ ئەمەش ڕاست نی‌یە چونکە ڕاناوی کەسی سێیەم لەو لەهجانەدا هەمیشە بزرە ئەگەر کار تێپەر بێت یان تێنەپەر ، ئەوان دەڵێن : هات ، خوارد کە چی لە لەهجەی سۆرانیدا لەچاو کاری تێنەپەردا دەگوترێ (خواردی) .

بەڵام «گ» کە لەگەڵ کاری رانەبردوو لە حاڵەتی کەسی سێیەم دا بێت ئەوا وێنەیەکی (د ،ت)ەو نە پاشگرەو نە ڕاناو وەکو خۆیگ ، چووگ (دەخوات و دەڕوات) کە لە بنچینەدا خۆید ، چوود هەردوو زاراوەکەش بەکار دێن .

حەوتەم :

دەربارەی بەشی شەشەم (لە لوڕی‌و فارسیدا)

١ – بەر لە هەموو تێبینی‌یەك دەبێ بڵێم ئەو (سەرچاوانەی) دانەر پشتی پێ‌بەستوون بێ‌هێزن ، نەخوازەلا (فەرهەنگی لەك ولوڕ) کە یەکێکە لەو سەرچاوانە لە لایەنی فۆنەتیك و ماناوە ئەوەندە هەڵەو چەوتی‌ی تێدایە ئەگەر بمەوێ ڕاستیان بکەمەوە کتێبێکی ئەوەندەی فەرهەنگەکەی تێ دەچێ .

واتە ڕاست کردنەوە کەڵکی نی‌یە ، لەگەڵ ئەوەشدا وەختی خۆی مانای زاراوەیەکی زۆرم ڕاست کردەوە بەڵام نەمتوانی ووتارەکەم بڵاو بکەمەوە .

لە سەر ئەوەشەوە هەندێ دانەی کتێبەکەم ڕاست کردەوەو یەك لەو دانانەم لای برامان دکتۆر مارف خزنەدار داناو لیستەیەکی ٣٠ لاپەڕەییم بۆ ئەو ووشانە ڕێك خستووە کە لەلایەنی ماناوە ناتەواون ، خۆ ئەگەر لایەنی چەوتی‌ی فۆنەتیکیش چاربکەم ئەوا پێویست بە نووسینەوەی کتێبێکی تەمەت فەرهەنگەکە دەکات و وەکو گوتیشم بژار کردنو ڕاست کردنەوە بەکەڵك نایەت .

سەرچاوەی دووەمیش کە دیوانی بابەتایەری هەمەدانی‌ی شاعیرە ئەویش بەدەستی فارسەکان تووشی شێوانو دەستکاری هاتووە و مۆرکی فارسیانەی پێوەدیارەو ئێجکار لە بنەڕەتە

لوڕی‌یەکەی دوور کەوتوەتەوە ، بۆیە پشت بە تاکەکانی
زمانەکەی نابەسترێت چونکە بەشێوەیەکی گشتی شێوێنزاوە .

هەرچی سەرچاوەکانی تریشە وابزانم لە نووسینەوەیاندا هەڵە ڕووی داوە ، چونکە ئەو سەردەمەی کە نووسراونەتەوە ڕێنووسی کوردی بەو شێوەیەی ئێستا پێش نەکەوتبوو جا بەر لەهەموو شتێك با هەڵەکان دەست نیشان بکەین :

(پوقسە = تەقینەوە) مامۆستا ئالانی بەم جۆرەی نووسیوەتەوە بەڵام ئەگەر بگەڕێتەوە سەر بنەڕەتی فەرهەنگەکە دەبینیٚ کە هەڵەی هەڵبژاردووەو ڕاستی بەلاوە ناوە کە نووسراوە :

پوقسە = تەقیوە (نەك تەقینەوە) واتا کاری ڕابردووی نزیکەو پێکهاتووە لە پوق + سە ، دەشزانین کە (سە) مانا (ئێستا)بەو کارێکی تی‌نەپەڕی خۆنەویستە (لاإرادی) بەڵام کارە خۆویستە تی‌نەپەڕەکان لەم لەهجەیەدا (یە)ی پێوە دەلکیٚ بۆ ئەوەی بیکا بە کاری ڕابردووی نزیك :

هاتیە = یەتیە . . هوفتیە = خەوتووە

لەو لەهجەیەدا جیاکردنەوەی ناوی بکەر لە ناوی بەرکار لە لایەکەوەو کاری ڕابردووی نزیك لە چاو کارە تی‌پەڕە خۆنەویستەکاندا زەحمەتەو تەنیا بە گۆڕینی دەنگ دەکرێت وەکو :

ڕمسە = Rimise = ڕماوە

٢ – لە لاپەڕە ١٨٢ دا دەربارەی ڕستەی (توام چمەوا ئەرای ماڵ) دەڵیٚ :

«لەم ڕستەیە دڵنیا بووم‌و هەر ئەو دیاردەیەیە کە لە فارسیەکەدا دەرکەوت‌و بەڵام لێرەدا ، وەك پاشگر خۆی ساغ دەکاتەوە .

بە دووریشی نازانم کە (چمەوا) دەمیٚ(چمەوە) بیٚ و لە ئاخاوتنی ئەو هۆزەدا ئاوای بڵێن . .)

بەڵام بە دووری نازانم کە وشەی (چمەوە) (چمەدوا) بێت ، بەڵام دەنگی داڵەکە زۆر نزمە بە ڕادەیەك کە بەرگویٚ ناکەوێت .

لە لایەکی تریشەوە لەو بڕوایە دام (ب)ی کاری داخوزی لە پێشەوە پەڕیوە کە بۆ دەقی مانای (دەمەویٚ بگەڕێمەوە) دەبیٚ بنووسریٚ (توام بچمەدوا) .

٣ – لە لاپەڕە (١٨٣)دا نووسراوە :

(وا :واز ، وابییە : کردنەوە = بازشدن)

وابییە مانای (کردنەوە)نی‌یە ، بەڵکو دوو مانای هەیە :

ا – یان کارێکی لێکدراوە و بەمانا وازبووە دێت و دەگوترێت درانەگە وابییە = دەرگاکە وازبووە ، واتا دەرگاکە کراوەتەوە .

ب – یان چاوگە و چاوگیش لەم لەهجەیەدا بە (ن) کۆتایی دێت و پیتی پێش نوونەکەش بزوێنە ، هەتا چاوگەکەش بەدەنگە بزوێنێکی ترەوە نەنوسێت نوونەکە لا دەبریٚ بەڵام هەرکە دەنگێکی بزوێنی تر هات ئەوا نوونەکە دەگەڕێتەوە . . ئەوسا ماناکەی وای لی‌دێت :

وابییە = وازبوون = وازکردن = کردنەوە .

هەر بەم جۆرەش (واچووگە) کە ئەویش یان چاوگەو مانای (کولاندن) دەدات نەك (کولانەوە) .یان کارێکی لێکدراوە و بەمانا (کولاوە) دێت و نەك کولانەوە .

٤ – لە بڕگەی چوارەمدا هاتووە :

وایەك = بەیەکەوە = بایەك

بەگورانی : وە = بە پریپۆزیشنە

بەر هەڵستی ئەوە ناکەم کە (وا) لێرەدا پریپۆزیشی بێت بەڵام لەمانادا لە (بە=وە)جیایە چونکە (با=وا)لەم لەهجەیە ماناگای (لەگەڵ)دەدات ، وەکو دەڵیٚ : وایەك = لەگەڵ‌یەك ، نەوەك (بەیەکەوە) .

ووشەی (واکەرە) کە لە دێرە شیعرێکی بابەتایەردا هاتووە مانای (کردنەوە) نی‌یە بەڵکو مانای (جودابکا)یە .

ئەگەر قەسابەم ئەز تەن (واکەرە) پوست جودا هەرگز نەکەردە جوونەم ئەز دۆست .

لەم چەند سەرنجانەی پێشەوەدا دەردەکەویٚ کە دانەر بەشێوەیەکی ڕاست لەم لەهجەیەدا دەست نیشانی نیشانەی دووبارە کردنەوەی نەکردووە مەگەر ئەوەندەی‌کە لەیەکەم بەشی دواوەی لاپەڕە ١٨٣ لە ووشەی (شادبییەوە)دا بەڵام نموونەکانی تری هەمووی لە مەبەست بەدوورن .

لە بەشی‌سی‌یەمدا ، بە پێویستی دەزانم کە هەندیٚ هەڵەی ڕێنووسی لە نموونەکاندا هەیە دەست نیشانی بکەم :

١ – درەختی ، دەرگاهی ، ڕاستییەکەی (درەخت ، دەرگاه) لەگەڵ ژێرێکی کورت‌دا ، چونکە ئەو لەهجەیە (ی)ی سەربار (إضافة) لەو ووشانەدا بەکارناهێنیٚ کە

بەدەنگێکی کۆنسەنەنت دواییان هاتبێت ، بەڵکو تەنیا لەگەڵ ئەو ووشانەدا بەکاردێت کە بە پیتە بزوێن دواییان هاتبێت وەکو : ماڵەگەی ئازاد ، خانای قوبادی

٢ – (بەیزانی نیم بەیاز) ڕاستی‌یەکەی (بەیزای نیم بەیاز) چونکە کێشەکەی لەنگ دەبێت‌و لەلایەکی تریشەوە چونکە (ی)ی سەربار کەوتوەتە دوای پیتە بزوێنێکەوە کە خۆی کۆنسەنەنتە ، لە هەمان دێڕیشدا ووشەی (کردەش) هەڵەیە چونکە بەم شێوەیە مانای (معمول) دەدات واتا (کردە) ناوی بەرکارە لەو لەهجەیەدا وابزانم لە سۆرانیشدا ئەمە هەر هەیە ، ئەوەتانێ لور دەڵێن : کردەی من‌و خواردە بێگانە . .

کەوابێ ڕاستی‌یەکەی (کەردش)ە واتا کردی .

ووشەی (کوتەگە) هەڵەیە وراستی‌یەکەی (کەوتگە) . لە دێڕی دووەمیشدا (زحاف) هەیە کە چار ناکرێت هەتا (کە) لانەبرێت یان (مەگە) لە (ئەم) نەدرێت تا بیێ بە مەگەم حاڵەتی یەکەم باشترە .

لە دێڕی چوارەمیشدا (خبن) هەیە ، ڕاست نابێتەوە مەگەر بنووسین (جیش = جی‌یش) . ئەمەو دانانی نیشانەی (٧) لەسەر (ی) لە (جی) و لەسەر (و) لە (شورەزەمینە) هەڵەیە چونکە لەم لەهجەیەدا ئەو دوو دەنگە دەگمەنن‌و چەند حاڵەتێکی تایبەتییان هەیە .

٤ – دانانی نیشانەی (٧) لەسەر پیتی (ی)ی ووشەی (لەیێ) هەڵەیەو دژی فۆنەتیکە چونکە دوو دەنگی بزوێن بەیەکەوە کۆنا کرێنەوە .

هەشتەم :

دەربارەی (بنەی حەوتەم – لەکرمانجی سەروودا) دوای ئەوەی بە دوورودرێژی لێکۆڵینەوەو وتوویژی بە ئەنجامداوە ڕەنجێکی باشی بەخت کردووە ، بەلام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەیە کە دەڵێ :

(کاری «مەکەڤە» دەق گەردانی «مەکەوە»یەو پاشگر نیەو بزوێنەکەشی ڕاناوەو سەر بە کارە داخوازیەکەیە) .

بڕیاردەدا کە بزوێن لە (مەکەوە = مەکەڤە) ڕاناوێکەو بۆ کاری داخوازی دەگەڕێتەوەو ئەمەش مانای وایە بکەری کارەکەیە . لاموابێ ڕاستی نەپێکاوە و وابزانم ئەمە (نیشانە)ی داخوازی‌ی ئەمرییەتەو ڕاناوی بکەرنی‌یە ، چونکە ئەگەر ڕاناو بوایە نەمان دەتوانی لایبەرین کە بەلابردنی مانا دەگۆڕێت هەر لەبەر ئەمەشە زۆر لەهجەی کوردی لە دواوەی کارەکەی دانانێت ، تەنانەت لە لەهجەی باویشدا ئەم نیشانەیە لە هەندێ کار نابینین وەکو ئەوە کە دەگوترێ : برۆ ، بچۆ . لەهجەیەلی ئەردەلانی ، لور ، فەیلی ، لەکو ژمارەیەکی تریش گوێ بەو دەنگە کونسەنەنتە نادەن‌و دەگوترێ : بنیش ، دانیش ، بخەف ، هەڵس . . تاد .

سەرباری ئەمەش ئەوەی ئەمری پێ کراوەو کارەکە بەجێ دەگەیەنێ هەیە بۆیە پێویست بە پەنادانی ڕاناو ناکرێت کە دەست بۆ ئەو هەڵبرێ ، هەروەکو بلێی لەزمانەکە دوور دەکەوینەوە ئەگەر بڵێین ڕاناوەکە نادیارەو بە (تۆ) مانا لێ دەدرێتەوەو تەقدیر دەکرێت ، چونکە تۆیەکە هەیەو گوێ‌دێری فەرمانەکەیە بەچاکو بە خراپ ، ئیتر چ هۆیەکیان بە ڕاناو دەکەوێ بە پەنادراوی‌و بە نادیاری . کاری داخوازی ڕوو دەکاتە کەسی دووەم ، نێ‌ی نە لە عەرەبی‌و نە لە ئینگلیزی‌و زۆر زمانی تریش‌دا ڕاناوێکی لکاوی پێوە نابینین . لەگەڵ ئەوەشدا پێ‌ی‌لێ داناگرم‌و دەڵێم لەوانەیە ، بەڵکو زمانەکەمان لەم بارەوە دەگمەن بێت ! !

نۆیەم :

لە بەشی کۆتایی کتێبەکەدا دانەر باسی ئەرکەکانی مۆرفیم دەکات بە هەموو حاڵەتەکانی‌یەوە و ڕای نووسەران لەم بارەیەوە پیشان‌دەدات‌و بەشێوەیەکی چاك باسەکە بەئەنجام‌دەدا .

دوا ووتەمان :

لەگەڵ ئەو ڕەخنەو جیاوازییانەی ڕای من‌و دانەری بەرێزدا کە تائێستا لێ‌ی دوام ، بەدڵنیایی‌یەوە کۆششی فرەو ڕەنجی سەختی مامۆستا ئالانی هەڵدەسەنگێنم‌و لەو باوەڕەدام کە باسێکی قەشەنگەو شایانی ئەوەیە نووسەران‌و زمانەوانان بایەخی پێ‌بدەن بەتایبەتی زۆرشتی نوێ‌ی وای‌تێدایە کە پێویستی بە وتوویژا ورادەربڕینی زانستانەی زیاتر هەیەو لەوانەیە دوای لێکۆڵینەوەو ڕەخنەی زیاتر نرخی باشتر دەربکەوێت . پوختەی ڕایەکانی منیش بریتی‌یە لەوە کە هەرچی لە کتێبەکەدا هاتووە گەواهی یەکێتی‌ی زمانی کوردی خۆمان دووپات دەکەنەوە ئەوە دەسەلمێنن کە سەرەڕای جیاوازیی بەدیمەن وزۆریی لەهجەکان ، زمانی کوردی یەکەو ئەو کۆششانەش کە لە پێناوی دەرچوون لەو گێژەنە گەورەیەی لەهجە زۆرییەدا بۆ لەهجەی ئەدەبی‌ی یەکگرتوو بدرێت کارێکی بەجێ‌یەو بەرداره ئەگەر باسەکان بەو پشوو درێژی‌و مشەمەری‌یە بنووسرێت . خوا مامۆستا ئالانی سەرکەوتووکات‌و ڕەنج‌و کۆششەکەی بەردار بێت .